وەزارەتی ناوخۆی هەرێم پێکێک تەمەتبار دەکات بە سووتانی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان

لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئەمە دووشەممە لە بەغدا سازکرا لێنەوان وەزارەتی ناوخۆی عێراق و وەزارەتی ناوخۆی هەرێم لەبارەی ئەو ئاگرانەی کە هەولێر و دهۆک و کەرکووک-یان گرتەوە لە ماوەی ڕابردوودا، پێکێک تاوانبار دەکەن بە سووتانی ئەو بازاڕانەو سێ کەس لە کۆنگرە ڕۆژنامەگەرییەکەدا بە دەستوچاوی بەستراوەوە نیشان دران، کە گوایە ئەندامی پێکێکن.

وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە کۆنگرەکەدا وتی: ئەو سێ کەسەی دەستگیرکران دانیان بە تاوانەکانیان نا، کە لەڕێگای ماددەیەکەوە دوای چەند کاتژمێرێک ئاگرێک دەگرێت.

هەمن میرانی، بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا پێکێکی تەمەتبارکرد بە سووتانی بازاڕەکانی و وتی: پێکێک بەرپرسە لەسوتانی ئەو بازاڕانە و ئەو کەسانەی دەستگیرکراون لە سلێمانی و سەنگەسەر و کفری لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕاهێنانیان پێکراوە.

لەبارەی ئامانجی ئەو گرووپەوە، هەمن هەورامی دەڵێت: ئەو سوتانە دەستکردن و ئامانجی لێی بە ئەوە بووە کە خەڵک توڕەبێت و ناڕازایەتی زیاتر بێت لەلایەن خەڵکەوە دژی حکومەت، هەروەها هەمەن هەورامی داوا لە هاوڵاتیانی زەرەرمەندی ئەو بازاڕانە کرد کە داوای یاسایی تەمار بکەن دژی بکەرانی سوتانی

ئەو بازاڕانە.

لە کەنگرەکەدا، وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ئامژەی بەوەکرد کە گوایە دوو لەو کەسانەی دەستگیرکراون ئەندامی یەکێی حەفتای پەشمەرگە و دژەتیرۆر بوون، لەهەمان کاتدا ئەوانی تەمەتبارکرد بە ئەندامبوون لە پەکەکە